Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣٠٩

# لادانی و اتایی لە هۆنراوەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا

**کەژاڵ جیهابەخش محەمەد　　ئومێد بەرزان برزو　　تریفە محەمەد فەرەج**

زانکۆی گەرمیان. بەشی زمانی کوردی

***Article Info***

Received: June, ٢٠٢٠

Revised: June ,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

***Keywords***

زمانی شیعری، لادانی زمانی، لادانی واتایی.

***Corresponding Author***

kazhal.jihabakhsh@garmian.edu.krd

omed.barzan@garmian.edu.krd

trefa.mohamed@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوە بەناونیشانی (لادانی واتایی لە هۆنراوەکانی فەریدون عەبدول بەرزنجی)دایە، کە تیایدا باس لە لادانی زمانی وەك چەمکێکی گشتی کراوە، کە لە هەمو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕەنگدەداتەوە و دەبینرێت، بێگومان هەر شاعیرێك پەنادەباتە بەر شێوازێکی تایبەت لەبەکارهێنانی کۆدەکانی زمان هەربۆیە زۆرجار توشی لادانی زمانی دەبێتەوە کە بێگومان ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی بواری ئەدەبییە.

توێژینەوەکە لە دو تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم وەك دەروازەیەك بۆ ناساندنی لادان و لادانی زمانی تەرخانکراوە، کە تیایدا باس لە چەند زاراوەیەکی پێویست بە بابەتەکانی (زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و زمانی ئەدەبی و زمانی شیعری)، سەرەتایەك دەربارەی تیۆرییە گرنگە باسکراوەکان لەبارەی پێگەی ئەدەب لە زمانەوانیدا، چەمك و زاراوەی لادانی زمانی، بنەما و پێوەرەکانی لادانی زمانی، مەرجەکانی لادانی زمانی، جۆرەکانی لادانی زمانی کراوە.

لە تەوەری دووەمدا باس لە لادانی واتایی و جۆرەکانی کراوە، کە شاعیر لە دیوانە شیعرییەکەیدا بەکاریهێناون و بە نمونەی شیعرییەوە خراونەتەڕو، هەروەها هۆکاری بەکارهێنانی لادانی واتایی لەگەڵ دێڕەکاندا ڕونکراوەتەوە، بەمەبەستی خستنەڕوی دەسەڵات و توانایی داهێنەرانەی شاعیر بەسەر زماندا.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕو.

پێشەکی:

لادان وەك یەكێك لە دیاردە گرنگەكانی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی و شێوازگەری لە زمانی شیعریی دەكۆڵێتەوە، بێگومان هەر شاعیرێك پەنادەباتە بەر شێوازێكی تایبەت لە بەكارهێنانی زمان،بەمەبەستی داهێنان و نیشاندانی ئاستێكی بەرزی زمانە شیعرییەكەی،بەجۆرێك هەر لادانێك لە یاسا و رێساكانی زمان، دەكرێت گریمانەی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی لێبكەوێتەوە ،لادان لە هەموو ئاستەكانی زمان دروستدەبێت، بەو واتایەی شاعیر بەمەبەستی گەیاندنی واتای نوێ لەلایەك، لە لایەكی ترەوە گونجاندنی كێش و سەروا و دوركەوتنەوە لە یاسا باو و بەكارهاتووەكانی زمان، لادانی زمانی لە شیعرەكانیدا ئەنجامدەدات، بۆیە لادانی زمانی بونیادێكی گرنگ لە شیعرەكانی شاعیراندا پێكدەهێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش دیوانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) كراوەتە كەرەستەی توێژینەوەكە و نمونەی لێوەرگیراوە.

لە توێژینەوەكەدا رێبازی (وەسفی شیكاری) بۆ راڤەكردنی دەقە شیعرییەكانی شاعیر بەكارهێنراوە.

گرنگی توێژینەوەكەش لەوەدایە، كە تاوەكو ئێستا توێژینەوەیەكی سەربەخۆ لەسەر لادانی زمانی و بەتایبەتی لادانی واتایی لەسەر شیعرەكانی شاعیر نەكراوە، كە بابەتێكی گرنگ و بنەڕەتییە لە بونیادی شیعرەكانی بەرزنجیدا رەنگیداوەتەوە، ئەمەش بەمەبەستی خستنەڕووی دەسەڵات و توانای داهێنەرانەی شاعیر بەسەر زماندا.

ناوەرۆكی توێژینەوەكە لە دو تەوەر پێكهاتووە:

تەوەری یەكەم، وەك دەروازەیەك بۆ ناساندنی لادان و لادانی زمانی تەرخانكراوە، كە تیایدا باس لە چەمك و زاراوەی لادانی زمانی، بنەما و پێوەرەكانی لادانی زمانی، مەرجەكانی لادانی زمانی، جۆرەكانی لادانی زمانی كراوە.

لە تەوەری دووەمدا باس لە لادانی واتایی و جۆرەكانی كراوە، كە شاعیر لە دیوانە شیعرییەكەیدا بەكاریهێناون و بە نمونەی شیعرییەوە خراونەتەڕو، هەروەها هۆكاری بەكارهێنانی لادانی واتایی لەگەڵ دێڕەكاندا رونكراوەتەوە، بەمەبەستی خستنەڕوی دەسەڵات و توانایی داهێنەرانەی شاعیر بەسەر زماندا.

١)دەروازەیەك بۆ ناساندنی لادان و لادانی زمانی:

١-١)چەند زاراوەیەكی پێویست بە بابەتەكانی (زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و زمانی ئەدەبی و زمانی شیعری):

زمان وەكو رەگەزێكی سەرەكی ژیانی مرۆڤ، ئامێرێكە لە هێما و نیشانەكان كە بۆ بیركردنەوە و پەیوەندیكردن و ناسینەوەی شتەكان بەكاردێت، زمان لەسەر بنەمای سێ ئاستی ئاخاوتن: (زمانی زانست و زمانی هونەر و زمانی ئەدەب) بنەمای كەلتوری هەمو كۆمەڵگایەك دروستدەكات، یەكێك لە بابەتە باسكراوە گرنگەكانی هەر كۆمەڵگایەك، بابەتی (زمانی ستاندارد)ە كە لە لایەن زمانەوانانەوە پێناسەی زۆری بۆ كراوە و هەریەكەیان لە دید و بۆچونی خۆیانەوە باس لەم لایەنە دەكەن، لە هەمویاندا خاڵی هاوبەش بەدیدەكرێت. زمانی ستاندارد "ئەو شێوە زمانەیە كە لە رۆژنامەكان بەكاردێت و لە قوتابخانەكان دەخوێنرێت، جگە لەمەش كەسانی خاوەن بڕوانامە قسەی پێدەكەن و لە هەواڵ و شوێنە فەرمییەكانی تر بەكاردێت"(بڕوانە: والی رضایی، ١٣٨٤: ٢٠ و ئەو پێناسانەی لەوێدا هاتون).

لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا (كە بۆ ئاڵوگۆڕكردنی زانیارییەكانە) ،بەكارهێنانی وشەكان بە شێوازێكی ئاسایی دەبێت بەڵام لە شیعردا بە كەمێك جێگۆڕكێكردنی ئەو وشانە ژیان و واتایەكی تازەیان پێدەبەخشرێت ، دەبێتەهۆی دروستبونی جۆرە جوانكارییەك لە ئاخاوتندا و گوێگر بۆ لای خۆی رادەكێشێت(بڕوانە :سمیە بیگدلی، ١٣٩٥: ١١)، ئەمەش هونەری شاعیر لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشە شیعرییەكانی دەردەخات،"شیعر جۆرە بەكارهێنانێكی ئەدەبی نایابی زمانە"(میلاد قمی، محمود سامانفر:١ ، www.artmarkazi.ir ghomi&samanfar). بۆیە "شاعیر دونیای ناسراو و ئاسایی(بەكارهاتوی) زمان تێكدەدات، بۆ ئەوەی وشەكان لە واتا ناسراو و ئاساییەكەی خۆی بەكارنەهێنرێن، بەڵكو لەو زمانە كە بە دیوێكی تری زمانی باوی نوسراو دادەنرێت، كە هەمان زمانی شیعرییە بەكاربێت، لە زمانی شیعرییدا روبەڕوی گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی پەیوەندیی نێوان دال و مەدلولداین، واتە لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا (دال)ەكان، (مەدلول)ی دیارو تایبەتی خۆیانیان هەیە، بەڵام لە زمانی شیعرییدا (دال)ەكان دەبنە خاوەنی (مەدلول)ی نوێ و گوێگر بۆ تێگەیشتنی مەدلولە تازەكان دەكەوێتە نێو كارێكی ئەستەمەوە، بەمەش دیاردەی تێگەیشتن درێژە دەكێشێت، بۆیە كاریگەریی لەسەر بەرامبەر دەبێت"(بڕوانە: جعفر میرزایی پركلی و زهرا مهدوی، ١٣٩٣: ٥٢). بەو پێیە "زمانی شیعری شێوەیەكی تری زمانە، كە باس لە پێكهاتەیەكی واتایی تایبەت دەكات و شێوە (فۆرم)كەی لە واتاكەی جیانابێتەوە و ئەگەر بۆ هەر شێوەیەكی تری زمان وەكو (زمانی ئاخاوتنی ئاسایی) هەڵیگەڕێنینەوە و بمانەوێ واتای دێڕێك جیا لە شێوەكەی بگەیەنین، ئەمجۆرە دەرئەنجام و راڤەكردنە هەرگیز ناتوانێت واتا بنەڕەتییەكەی بەو جۆرەی كە لە شێوە تایبەتەكەی شاردراوەتەوە، پێمان بگەیەنێت"(سمیە بیگدلی، ١٣٩٥: ١٢). تەنانەت "كە باسی زاراوەكان و چەمكەكان

و میکانیزمی بەکارهێنانی شێوازگەریی دەکەین، لادان لە بەناوبانگترین ئەو چەمکانەیە، کە لەگەڵ شیعریەتی نوێ و بەتایبەتی لە شیعردا دەرکەوت، ئەمەش بەهۆی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە زمانی شیعری لەگەڵ ئەوانی تردا هەیبووە" (بوطاهر بوسدر، ٢٠١٨: ٢).

"ڕۆنانکارەکان، لێکۆڵینەوەی زمان بۆ دو بەشی زمانی هەواڵی و زمانی ئەدەبی دابەشدەکەن، پێیان وایە، کە زمانی هەواڵی بۆ دروستکردنی پەیوەندییە، بەڵام زمانی ئەدەبی زمانێکە بۆ خوڵقاندنی هونەر و جوانی و گواستنەوەی هەستەکانە بە بەرامبەر، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی ئەدەبی جۆرە لادانێکە لە زمانی ستاندارد"(بڕوانە: فاطمە مدرسی، ١٣٨٨: ١-٢). تەنانەت گروپێك لە زمانەوانە چیکی و ڕوسەکان (هاوڕانك ، شکلۆفسکی و مۆکارۆڤسکی) لەژێر کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی سۆسێر وەکو یەکەمین کەس کە باس لە زمانی ئەدەبی کردبێت و گرنگییان بەم لایەنە داوە. هەروەها "جاکۆبسۆن، یەکێك بو لەوانەی گرنگیی بە ئەرکی ئەدەبی زمان دەدا و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە زمانی ئەدەبی نەك تەنها بۆ دروستکردنی پەیوەندییە، بەڵکو بۆ گەڕانەوە بۆ خۆی بەکاردێت، هەروەها زەقکردنەوە کاتێك سەردەگرێت، کە لەکاتی دروستکردنی پەیوەندی پەیامەکە خۆی ببێتە سەرچاوە و ناوەندێکی گرنگ و شێوەی دەربڕین سەرنجراکێشێت. هەروەها بەپێی بۆچونی جاکۆبسۆن دەکرێ شێوەی هەڵبژاردنی وشەیەك لەنێو کۆمەڵێك وشەی سەر بەهەمان پۆلی ڕەگەز لەسەر تەوەری جێنیشینی و چۆنیەتی ڕیزکردنی ئەو وشانە لە تەوەری هاونشینی، دەتوانێت ڕستەکانی زمانێک لە ئەرکی پەیوەندییەوە بەرەو ئەرکی ئەدەبی ببات"(محمد امین ناصح، ١٣٨٨: ١٥٠).

٢-١)سەرەتایەك دەربارەی تیۆریبە گرنگە باسکراوەکان لەبارەی پێگەی ئەدەب لە زمانەوانیدا:

چیەتی زمان و ناسینی هێما و نهێنییە شاراوەکانی هەر لە کۆنەوە هزری مرۆڤی بەخۆیەوە خەریککردوە و بە بەردەوامی لەلایەن زانایان و توێژەرانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. زمانەوانان بە بیرکردنەوە و خوێندنەوەی زانستی لەو هێما و نیشانە زمانیيانەی کە لە زماندا هەن، بە شیکردنەوەی لایەنەکانی زمان هەڵدەستن، لە زمانەوانیدا هەروەکو زانستەکانی تری فەلسەفە و دەروونناسی بابەتی بەستنەوەی نێوان زمان و بیر بەمەبەستی پەرەپێدانی زانستی زمان خرایەڕو و دواتر پانتایی ئەم جۆرە بیرۆکە و گفتوگۆیانە فراوانبو، بەشێوەیەك لە ئەمڕۆدا توێژینەوە لەبارەی ئەرکە جیاوازەکانی زمان بوەتەهۆی سەرهەڵدانی تیۆر و بیروڕای جیاواز لەلایەن زمانەوانانەوە. نمونەش بۆ ئەم باسە یەکێك لە بیردۆزەکانی

زمانە لەبارەی پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و ئەدەبدا، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە توێژینەوانە، توێژەرەکانی بواری ئەدەب دەتوانن لە لایەنە جیاوازەکانی ئەدەب بکۆڵنەوە، لایەنی یارمەتیدەری تیۆرییەکان لە توێژینەوەی ئەدەبیدا ئەوەیە، کە توێژەر بۆی دەردەکەوێت، کە هەریەك لە بەرهەمە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای کامە تیۆریی باشتر دەتوانێت دیراسەبکات. هەروەها لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان بەپێی یاسا زمانییەکان و پراگماتیك لە زماندا ئەم دەرفەتەمان بۆ دەرەخسێنێت، تاوەکو لەگەڵ دەستنیشانکردنی هۆکارە کاریگەرەکانی ئاخاوتن لەم جۆرە بەرهەمانەدا، کە بوەتە هۆی گۆڕانیان بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریی و چۆنیەتی گواستنەوەی واتا و ڕازیکردنی بەرامبەر بە شێوەیەکی ئەدەبی جوان و کاریگەر هەڵبسەنگێنین. (بڕوانە سمیە بیگدلی،١٣٩٥: ٢ ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتون).

"یەکێك لە قوتابخانە گرنگەکان کە بەوردی لەبارەی ئەدەبەوە خوێندنەوەی هەبووە، قوتابخانەی پراگ بووە، لە سەدەی بیستەم قوتابخانەی پراگ کە دامەزرێنەرەکەی ماتسیۆس بووە، کە دواتر بەسودوەرگرتن لەم قوتابخانەیە، قوتابخانەی ئەرکی هاتەکایەوە، لەم قوتابخانەیەدا کەسانێکی زۆر لەبارەی فۆنۆلۆژی لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، بەڵام باشترین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەب لەلایەن (جاکۆبسۆن)هوە ئەنجامدراوە، کە زمانەوانێکی ڕوسی و تیۆردانەرێکی ئەدەبی بووە و لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی پراگە، لە سنوری توێژینەوەی زمانەوانی و ئەدەبدا، بە لێکۆڵینەوە لەبارەی خواستن (استعارە) و خوازە (مجاز) خەریکبووە"(گلبرگ ذهنی و ارسلان گلفام، ١٣٩٦: ٩٨).

زمان پێکهاتەیەکە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردێت، ئەگەر بەکارهێنانی زمان لە ئاستێکی زیاتر لە گواستنەوەی پەیام و بۆ پێشکەشکردنی واتایەکی بەرزتر بێت، واتە وشەکان بەپێی تەوەری جێنشینی هەڵبژدرێت و بەپێی تەوەری هاونشینی بە شێوەیەکی تایبەت دابنرێت، زمانی ئەدەبی دێتەکایەوە، زمانەوانان بۆ شێوەی دروستبونی ئەرکی ئەدەبیی زمان، دەستەواژەی دەرخستن/زەقکردنەوە (foregrounding) بەکاردێنن. ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن فۆرمالیستە ڕوسەکان (Russian-Formalist) بەکارهات"(سمیە بیگدلی ، ١٣٩٥: ٣). "فۆرمالیست گرنگترین شوڕشی ئەدەبیی سەدەی بیستەمە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا. فۆرمالیستی ڕوسی یەکێکە لە قوتابخانە ڕەخنەییە ئەدەبییەکان لە سنوری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، ئەم قوتابخانەیە لەمیانەی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە ڕوسیا

سەرپەهڵدا"(حمید صمصام، ١٣٩٥: ٥١). "لە نێوان نوێنەرانی پێشڕەوی ئەم شۆڕشە ئەدەبییە دەتوانرێت بە بوریس ئیکنباوم (Echenbaum)، ڤیکتۆر شکلۆڤسکی (viktor shklovsky)و ڕۆمان جاکۆبسۆن (Roman jacobson) ئاماژەبکرێت، ئەم شۆڕشە سەرەڕای دژایەتیکردنیان لە سەرەتای سیبەکاندا بە ژیانی خۆی لە چوارچێوەی بازنەی قوتابخانەی پراگ درێژەی دا و بەهۆی بەرهەمەکانی (Roman jacobson) و وڵك (wellek) بۆ زانکۆکانی ئەمریکاش دزەی کرد، ئەم قوتابخانەیە هەرچەندە ئەنجامی کاری کۆمەڵێك ڕۆشنبیری ڕوسی بو، بەڵام لە نێوانیاندا (شکلۆڤسکی) لە هەمویان ڕۆڵێکی کاریگەرتری هەبو و لە ڕاستیدا بە دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت"(بڕوانە : سمیه بیگدلی، ١٣٩٥: ١٣)، هەروەها (بڕوانە: ابراهیم اناری بزچلوئی ، حسن مقیاسی ، سمیرا فراهانی،١٣٩١: ٤٨). شایەنی باسە "ئەم قوتابخانەیە لەژێر کاریگەریی بۆچونەکانی سۆسێردا بون، چونکە لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕەوتی توێژینەوە زمانییەکان گۆڕانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و سەرەتای ئەم گۆڕانکارییانەش هاوکات بو لەگەڵ بۆچونەکانی زمانەوانی سویسری فێردیناند دی سۆسێر" (بڕوانە: حمید رضا مشایخی و زینب خدادی، ١٣٩١: ٢). "هەنگاوی یەکەم لەلایەن ڤیکتۆر شکلۆڤسکی (viktor shklovsky) لە ساڵی (١٩١٤) بە بڵاوکردنەوەی وتاری (هەڵسانەوەی وشەکان)نرا"(قاسم مهر آور گیگلو، ١٣٩٤: ٩٦٣). "دواتر لە ساڵی (١٩٢٥) کۆمەڵە وتارەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی (لەبارەی تیۆری پەخشان) بڵاوکردەوە، شکلۆڤسکی پێی وابو، کە زمانی شیعر بۆ نیشاندانی واتا نییە، بەڵکو بەدوای نیشاندان و خستنەڕوی خۆیەتی و دەڵێ: پێشتر خوێنەران خونەریتیان بو، تاوەکو تەنها سەیری ناوەوەی (ناوەرۆکی) وشە بکەن، بەڵام ئێستا دەبێ ئەوان هەندێك بیربکەنەوە و خودی وشەکە ببینن"(سمیه بیگدلی، ١٣٩٥: ١٣). واتە پێکهاتە و فۆرم گرنگترین و سەرەکیترین لایەنەکانی بەرهەمی ئەدەبییە لەم قوتابخانەیەدا. بۆیە "بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی دیار، نوێبونی بابەتەکە گرنگ نییە، بەڵکو شێوەی خستنەرووە، کە دەتوانێت ڕەهەندێکی تازە لە جیهاندا بخاتە بەردەستی بەرامبەر، هەرچەند لادان لە ستانداردەکان زیاتر بێت، بەرامبەر (خوێنەر/ گوێگر) خێراتر بەرەو بابەتەکە ڕادەکێشرێت و نوسەریش دەبێتە خاوەنی شێوەی تایبەت لە نوسینەکانی"(صغری سلمانی نژاد مهر آبادی،١٣٩٤: ١٢٧).

فۆرمالیستەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە خستنەڕوی چەند دەستەواژەیەکی گرنگ، هەڵسان بە لێکۆڵینەوە و پۆلێنکردنی هۆکارەکانی دروستکردن و ناسینەوەی زمانی ئەدەبی بەتایبەت شیعر، لێرەدا بەکورتی باس لە چەند دەستەواژەیەکیان دەکەین، کە تاڕادەیەك هاوتا و هاوواتای لادان دەبن، ئەمانەن:

١-٢-١) نائاشناکردن - Making strange/ de-familization:

ئەم دیاردەیە پێشتر بە (Making strange) ناسراوە، "بۆ یەکەمجار ڤیکتۆر شکلۆڤسکی ڕەخنەگری ڕوسی لە ساڵی (١٩١٧) دەستەواژەی (نائاشناکردن/ئاشنایی سڕینەوە) خستەڕو، سەرەتا ئەم دەستەواژەیە لە وتارێکی بەناونیشانی (art as device) لەسەر بنەمای وشەی ڕوسیی (Ostrannenja) بەکارهێنا، لەم وتارەدا دەڵێت: کاری سەرەکیی هونەر گۆڕانکاریی شێوەییە لە ڕاستییەکان"(بڕوانە: پیمان منصوری و اسماعیل قافله باشی، ١٣٩٨: ١٥٠). ئەوەی جێگای تێبینییە لە توێژینەوەکانی زمانی فارسی لەبارەی مێژوی یەکەم بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە ڕاوبۆچونی جیاواز بەدیدەکرێت، "هەندێك پێیان وایە، یەکەم بەکارهێنانی دەستەواژەی نائاشناکردن لە ساڵی (١٩١٤) بووە"(قاسم مهر آور گیگلو، ١٣٩٤: ٩٦٣)، هەندێکی دیکە دەڵێن لە ساڵی (١٩١٧) بۆ یەکەمجار بەکارهاتووە، ئەمەش زۆرینە دەگرێتەخۆ، "هەروەها هەندێکیتر پێیان وایە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩١٩) دەستەواژەی (de-familization) بەکارهاتووە"(عبدالله حسن زاده، محمد رضایی، نرجس مقیمی، ١٣٩٤: ٥٩). "نائاشناکردن بەواتای نوێکردنەوە و بێگانەکردنی ئەوەی کە ئاشنا و ناسراوە دێت، یەکێکە لە تەکنیکە ئەدەبییەکان کە یەکەمجار لەلایەن فۆرمالیستە ڕوسەکانەوە خرایەڕو، شاعیر بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە تەمی ئەو نەریت و دوبارەبونەوەیە لادەبات، کە لە ڕاستییە هەستپێکراوەکانی ژیاندان و بەشێوەیەکی دوبارە و بێبەها لە زمانی ئەدەبدا دەخرێنەڕو، بەم ڕێگایەدا وێنەگەلێکی تازە دەخوڵقێنێت، کە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی بەرجەستەیی لە گوتار و سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر، لە ڕاستیدا ئەم تەکنیکە لە خزمەتی تازەکردنەوەی زانستی ئەدەبدایە"(احمد وفائی بصیر، ١٣٩٧: ٢٨). واتە لە ئەمڕۆدا "بە یەکێك لە جوانکارییە ئەدەبییە گرنگەکان دادەنرێت و بە کۆمەڵە فێڵێك دادەنرێت، کە دەبێتە هۆی نامۆبونی زمانی شیعری بەرامبەر بە گوێگر یان خوێنەر، هەر ئەندازە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکانە لە شیعردا جوانتر و زیاتر بێت، ئەوەندە لادان لەو شیعرەدا پایەدارتر دەبێت، فۆرمالیستە ڕوسەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارە، کە ئەرکی ئەدەب چییە ئەم بیرۆکەیەیان(نائاشناکردن) خستەڕو"(حمید صمصام، ١٣٩٥: ٥٣). "شاعیر یان نوسەر هەوڵدەدات، تا لە بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبیدا زمانی تایبەتی جیاواز دەربخات، واتە هەوڵدەدات، زمانەکە نامۆ دەربخات، بۆیە شاعیر بە ڕونکردنەوە و دەرخستنی شاعیرانەی خۆی لە وشەکان و یەکە

زمانییەکان و... بێگانەبون و نامۆییەك دروستدەکات"(مسعود فروزنده ، علی محمد آسیابادی، امین بنی طالبی، ١٣٩٥: ٤٤).

١-٢-٢)زەقکردنەوە- foregrounding: "لە فەرهەنگدا بە واتای پێش زەمینە و شوێنی دەرخراو و دیار (زەق) و ئاشکرا بەکارهاتووە، ئەم دیاردەیە بەڕادەیەك دەتوانێت لەسەر شیعرییەت کاریگەریی هەبێت، کە تەنانەت کرداری گەیاندن و پەیوەندیی واتایی دوابخات و ببێتە هۆی جوانکاریی ئەدەبی و وتنەکە لە کلێشەیی بون دوردەکات"(حمید صمصام، ١٣٩٥: ٥٠). "دیاردەی زەقکردنەوە لادانە لە یاساکانی زمانی ستاندارد، کاتێك کە ڕەگەزێك/ یەکەیەکی زمانی پێچەوانەی بارە ئاساییەکەی بەکاربهێنرێت و سەرنجی بەرامبەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت"(بڕوانە: محمد حسین محمدی، ١٣٨٠: ٢١٣)و(غلامرضا سالمیان و سمیرا صمیمی فر، ١٣٩٦: ١٣). ئەمەش "لە وتارێکی موکارۆڤسکی بەناونیشانی (زمانی ستاندارد و زمانی شیعری/ standard language and poetic language) خراوەتەڕو. ئەم دیاردەیە کە بنەمای دروستکردنی شێواز و جیاکاری نێوان بەرهەمهێنەرانی ئەدەبە، بەهۆی دو تایبەتمەندیی (یاسا زیادکردن)و (لادان) ڕودەدات، یەکەمیان بریتییە لە سەپاندنی هەندێ یاسا و شێوازی ناباو بەسەر زمانی ستاندارد دا و دوەمیان بە دروستکردنی گۆڕان و لادان لە یاساکانی زمان دەوترێت، ئەمەش هۆکاری بەرهەمهاتنی جوانییە لە بەرهەمی ئەدەبیدا"(عبدالله حسن زاده میرعلی، محمد رضایی، نرجس مقیمی، ١٣٩٤: ٦٠). بۆیە لادان بەشێکە لە دیاردەی زەقکردنەوە (foregrounding).

١-٣) چەمك و زاراوەی لادانی زمانی:

لادان، زاراوەیەکی باو و دەرکەوتووە لە لێکۆڵینەوەی شێوازگەریی نوێدا. "ئەم زاراوەیە شێوازێکی هونەریی هەیە، شاعیران بۆ گوزارشتکردن لە ئەزمونی شیعری و هەستی بەکاریدەهێنن، جگە لەوەش هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی وتاری شیعری لە ئاخاوتنی ئاسایی، بەمەرجێ لە ناوەڕۆکەکەیدا کاریگەرییەکی جوانی هەڵگرتبێت و بەشداری لە سەرنجڕاکێشانی خوێنەردا بکات"(ليندە حمدي، ٢٠١٦: ١). ئێمە کە باس لە "زاراوەی لادان لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی و شیعرییەتدا دەکەین، لە ڕاستیدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕەخنەگری فەرەنسی (جان کۆهن) بە پلەی یەکەم، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە باسکردنی چەمکی لادان و ڕۆڵی لە بونیادی جوانکاری دەقدا، وایدادەنێت، کە ئەم بابەتە زیاتر لە زمانی شیعریدا هەستی پێدەکرێت"(وهيبة فوغالي، ٢٠١٣: ٤٠). لەبەرئەوە "لادان یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی شێوازگەریی، کە بەگشتی دەقی ئەدەبی و بەتایبەتی دەقی شیعری لەیەکتر نزیدەکاتەوە، بەو واتایەی کە دەقی شیعری خۆی جیادەکاتەوە بە دەرچون لە ئاشناکردن"(بوطاهر بوسدر، ٢٠١٨: ٢). بەو واتایەی لادان "دەرچونە لە گوزارشتکردنی باو و پەسەند بە پێوانەی بەکارهێنانی پێشبینی و زمانی و داڕشتن و پێکهاتەکان"(صالح علي سليم الشتيوى، ٢٠٠٥: ٥٤).

هەروەها لادان، چەمکێکی گشتگیرە و لە هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕودەدات. "جا ئەو لادانە لە نەزانینەوە بێت، یاخود بەئەنقەست و بەمەبەست بێت، هەر بۆیە دەوترێت چەمکی لادان فرەڕەهەندە، بەو واتایەی هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە "زمانی، دەرونناسی، کۆمەڵناسی، ئاینی، ...تد" لە هەریەکە لەم بوارانەدا لادان مەبەستی دیاریکراوی هەیە"(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧). بۆ نمونە لادان لە زماندا واتە "دەرچون لە یاساکانی زمان، بۆ ئەوەی دەربڕین بەدەر لەو یاسایانە هەمان واتای دەربڕینە یاساییەکە یان زۆرتر و پوختەتر بگەیەنێ"(ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ١١). هەر کاتێك "زمان لە حاڵەتی ئاسایی خۆی لابدات و ببێتە هۆی دروستکردنی واتایەکی نوێ و سەرسوڕهێنەر، ئەو کاتە لادان دێتەکایەوە"(نازيلا يخدانساز و ناصر عليزاده خياط، ١٣٩٣: ١٢٣).

لە ڕاستیدا "لادان بە شێوە داڕشتنێك دەوترێت، کە شاعیر تیایدا لە هۆنراوەکانی خۆیدا سنوری سیستەمی باوی بۆچون و بیرکردنەوەکانی خوێنەر و گوێگر تێکدەدات، بەو واتایەی کە بە خولقاندنی وێنەیەکی ئاڵۆز دەبێتەهۆی سەرلێشێوانی بەرامبەر، ئەم تەکنیکە لە ئەدەبی عەرەبیدا پێی دەوترێت (الانزياح) یا (العدول)، ئەم دەستەواژەیە لە ڕەگی (زيح) بەواتای دورکەوتنەوە و ڕۆیشتن وەرگیراوە و پێیدەچێت مەبەست دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئاسایی و باوی زمان بێت، لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا دەستەواژەی (Deviation) یان (Ecart)ی بۆ بەکاردەهێنرێت" (بڕوانە: روح الله صيادى نژاد، منصوره طالبيان، ١٣٩٣: ١٢٤) و (مهدى رجائى، محمدخاقانى اصفهانى، ١٣٩٣: ١٢٠). واتە هەر لە سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێت، کە بۆچونی جیاواز لەبارەی چەمکی بابەتەکە هەیە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لە زمانی فارسیدا ئاماژە بە دەستەواژەی (Deviation) دەکەن. لە زمانی فارسیدا بەرامبەر بەم دیاردەیە (هنجارگريزى) بەکاردێت،"هەڵبەتە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە لادان نابێت ببێتە هۆکاری لەناوچونی واتای مەبەست، هەندێك لە بەزاندنی دابونەریتەکان ئەگەر بیرکردنەوەی بەرزی شاعیری

لەگەڵدا نەبێت، دەبێتە هۆی دروستبونی کەموکورتی لە زمان و پێکهاتەدا، کە ئەمەش تەنها نیشانەی جوانی و بە بەهابونی بەرهەمەکە نییە، بەڵکو بەجۆرێك لە کەموکورتی دادەنرێت، بەپێی بۆچونی لیچ یەکەمین تایبەتمەندی لادان نیشاندانی واتایە، ئەگەر شاعیر لە دیاردەی (نائاشناکردن) و (لادان) سەرکەوتو بێت، دەتوانێت سەرنجی خوێنەر لە واتاوە بگەڕێنێتەوە بۆ زمان"(صغری سلمانی نژاد مهر آبادی،١٣٩٤: ١٢٨-١٢٩).

لە زمانی کوردیدا جگە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی لادان، "چەندین دەستەواژەی تر بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت، وەکو: (لابردن، ترازان، خستنە کەنارەوە ، لەڕێ لادان و گۆڕان و سەرکێشیکردن و تێکشان و گەمەی زمانەوانی) و لە زمانی ئینگلیزیشدا ئەم زاراوانەی بۆ بەکاردێت (departure/deviate/aberration/aberrant)"(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١١). هەروەها "لادان لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بە (grotesae) ناسراوە و لە فەرهەنگدا بە واتای (شاراوە، ڕەمزی) بووە و لە وشەی (grotto) واتە (ڕێڕەوی شاراوە و نائاشکرا) وەرگیراوە، شوێنپێی زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆژئاوادا لەبارەی لادانەوە نوسراوە، لە دو وتاری شکلۆڤسکی و موکارۆڤسکی دۆزرایەوە، بۆ یەکەمجار شکلۆڤسکی لە وتارێکی بەناوی (atr as device) شێوە سەرەتاییەکانی ئەم دەستەواژەیەی خستەڕو (هەر لەم وتارەدا بو، کە بۆ یەکەمجار باسی لە de-familization کرد)، بەمەش لادان کە بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕوسی دادەنرێت"(بروانە : مهدی رجائی، محمدخاقانی اصفهانی، ١٣٩٣: ١١٩-١٢٠).

"لە ئەدەبی عەرەبیشدا شاعیران دوای جەنگی دوەمی جیهانی بەرەو دیاردەی نوێبونەوە (نوێخوازی) هەنگاویان نا، یەکەمین ئەو کەسانەش لەم ڕووەوە (بدر شاکر السیاب و نازك الملائکە) بون"(حمید رضا مشایخی و زینب خدادی، ١٣٩١: ٢-٣). "لە زمانی فارسیدا کتێب و بابەتی زۆر لە بارەی لادانی زمانی لە شیعری شاعیراندا نوسراوە، بەپێی ڕاوبۆچونی نەفیسی (١٣٦٨) بۆ یەکەم جار (شەفیعی کەدکەنی) لە (کتێبی) مۆسیقای شیعری باسی دیاردەی (زەقکردنەوە)و(نائاشناکردن)ی کردوە و لەم کتێبەدا لەجیاتی لادانی زمانی، دەستەواژەی (هەڵسانەوەی وشەکان/ ڕستاخیز واژگان)ی بەکارهێناوە"(سمیە بیگدلی، ١٣٩٥: ٨).

١-٤) بنەماو پێوەرەکانی لادانی زمانی:

دەستنیشانکردنی پێوەرێك بۆ لادان کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ڕەخنەگران نەیانتوانیوە بنەما و پێوەرێك بۆ لادانی زمانی دیاریبکەن، هەریەکەیان پێوەرێك یان چەند پێوەرێکیان بۆ لادانی زمانی داناوە، دانانی ئەو پێوەرە جۆراوجۆرانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینە لێکجیاوازانەی، کە هەریەکەیان سەبارەت بە لادان و شیعریەت هەیانە، چونکە پێوەرەکان لەو پێناسانەوە دیاریکراون، کە لەبارەی لادانەوە هەن، لای ئەرستۆ پێوەری لادان زمانی ڕۆژانەیە، بەلای جان کۆهن لادانی کردۆتە بنچینەی تیۆری شیعرییەتەکەی و بە بنەمای جیاکەرەوەی شیعر و پەخشانی دادەنێت، لێرەدا پێوەرەکە پەخشانە، لای جاکۆبسۆن پێوەری لادان پەیوەستکراوە بە هەردو تەوەری جێنیشینی و هاونیشینی، چونکە هەر جۆرە لادانێك لە هەر ئاستێکدا وەربگرین، لەسەر یەکێك لەو تەوەرانە بەئەنجام دەگەیەنرێت.

سەبارەت بە پێوەرەکانی لادانی زمانی بۆچونی جیاواز هەیە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو پێوەرانە دەکەین:

١- پەخشانی زانستی: "ڕۆلان بارت پەخشانی زانستی کردووە بە پێوەر بۆ پێوانەی لادان، واتە نوسەر دورکەوتۆتەوە لەو پلەیە تێپەڕی ئەو لادانە"(ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣: ٩٣). بۆیە "ڕۆلان چێژو پلەی سفری نوسین دەکاتە پێوەرێکی سەرکەوتو بۆ لادان "(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٠). "مەبەستی ڕۆلان لە پلەی سفری نوسین ئەو گوتارانەیە، کە وشەکانیان دەلالەتی مانای فەرهەنگی خۆیان دەگەیەنن، بەو واتایەی وشەکان بەو مانایە دێن، کە لە بنچینەدا بۆ خۆیان دانراوە، پێویستی بە تێڕامان و لێوردبونەوە نییە"(ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣: ٩٥). "ڕۆلان نمونەی بەفری سپی و بەفری ڕەش دێنێتەوە"(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٠) وشەی یەکەم پلەی سفرە چونکە هیچ لادانێکی تێدا نیە و هیچ چێژێکی ئەدەبی تێدا نیە،بەڵام وشەی دوەم واتاکەی ڕون نیە و پێویستی بە لێکدانەوە و تێڕامان هەیە، چونکە زمانە ئاساییەکە تێکدراوە و چێژی ئەدەبی تێدا بەدی دەکرێت.

٢- گوتاری ئەدەبی و گوتاری ئاسایی: "بە ڕای تۆدۆرۆف گوتاری ئاسایی بکرێتە پێوەر بۆ لادان، چونکە بەهۆیەوە جیاوازی زمانی ئەدەبی و گوتاری ئاسایی دەردەکەوێت، بەوەی کە گوتاری ئاسایی ماناکەی ڕونە و لێی تێدەگەین، بەڵام گوتاری ئەدەبی چڕە و ڕون نییە و زۆرجار بەئاسانی لە واتاکەی ناگەین.

واتە ئەو دەستکاری و لادانە، کە بەهۆی جوانکاری لە زماندا دروستدەبێت، لادانی زمانی پێدەڵێن، دەکرێت جیاوازی گوتاری ئەدەبی و گوتاری ئاسایی بەهۆی ئەو لادانەوە دەستنیشان بکرێت، ئەم پێوەرە کۆمەڵێك لایەنی نێگەتیڤی هەیە، چونکە زمان بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە، هەرچەندە گۆڕانەکان سست بن، نابێ لادانەکان بە پێوەری ئێستا بپێوین، واتە هەر سەردەمێك بنەما و پێوەری خۆی بۆ لادان هەیە" (ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣:٩٦).

٣- چێژی ئەدەبی: "ئەم پێوەرە پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە، بۆ ئەوەی قسەکەر یان نوسەر یان شاعیر چێژ بە خوێنەر بگەیەنێت، بەو مەبەستە لادان لە زماندا دەکات، ئەمەش پێوەرێکی گشتییە لە بنەما ڕەخنەییەکاندا هەیە"(ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣: ١٠١).

٤- پەیوەندیی ئاسۆیی و ستونی: "ڕۆمان جاکۆبسۆن دەڵێت پەیوەندیی ئاسۆیی بریتییە لە دراوسێیەتی وشەکان لەگەڵ یەکتردا گونجان لە نێوانیاندا و دروستکردنی پەیوەندیی شوێن بریتییە لەوەی کە وشەیەك بتوانێت بۆ هەمان مانا لە دەرەوەی ئەو وشەیە بەکاربهێنرێت، لادان لە زماندا لە ئاستی ستونی ڕوودەدات، بەڵام ئەم لادانە دەرنەدەکەوت، ئەگەر لەناو پەیوەندیی ئاسۆییدا نەبوایە. مەبەست لە پەیوەندیی ستونی پەیوەندیی نێوان وشە پێکهێنەرەکانی نێو ڕستە لەگەڵ وشە نادیارەکانی دەرەوەی ڕستەکەیە، پەیوەندیی ئاسۆیی پەیوەندیی نێوان وشە دیارەکانی نێو ڕستەکەیە" (ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣:١٠٣).

١-٥) مەرجەکانی لادانی زمانی:

١.دەبێت لە ڕوی ڕێزمانەوە بەشێوەیەك ڕیزبکرێن، کە یاساکان ڕێگە بەو جۆرە ڕیزبونە بدات، بۆ نمونە ڕستە لە زمانی کوردیدا دەکرێت بە چەند شێوەیەك ڕیزبکرێت، هەرچەندە بەپێی یاسا گشتییەکە (بکەر + بەرکار + کردار)ە، بەڵام ڕێزمانی زمانەکە ڕێگە بەم شێوە ڕیزبونانەش دەدات (بەرکار + بکەر + کردار)، (بکەر + کردار + بەرکار)، بەڵام ناکرێت بەشێکی ئاخاوتن هەم ڕۆڵی بکەر هەم ڕۆڵی کردار ببینێت.

٢.دەبێت ئامانج لەو لادانە سودگەیاندن بێت، لادان خۆی ئامانج نییە، بەڵکو دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بێت، کە واقیع و خەونی نوسەر دەیخوازێت.

٣.دەربڕینە لادراوەکە واتا و مەبەستی تەواو بگەیەنێت، نەك بەپێچەوانەوە بۆ نێردراو (خوێنەر، بیسەر) بەرەو ئاقارێکی دیکەی دور لە مەبەستە بنچینەیەکەی ببات و سەری لێ تێکبدات و دوای ماندوبونێکی زۆر ئەوجا نەزانێت، نێرەر مەبەستی چییە. (بڕوانە: ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٣:٤٣-٤٥).

١-٦) جۆرەکانی لادانی زمانی: (١)

ڕەخنەگری فەرەنسی جان کۆهن لە کتێبی (بونیادی زمانی شیعری)ی ساڵی (١٩٦٦)دا بەگشتی دو جۆر لادان دەستنیشاندەکات: (بڕوانە: صلاح فضل، ١٩٩٨: ٢١١-٢١٢) و (أحمد محمد ویس، ٢٠٠٥: ١١١).

ا- لادانی زمانی: پەیوەندیی بە دەقەوە هەیە، کە بۆ دو جۆر دابەشدەکرێت:

١- لادانی واتایی (الدلالی). ٢- لادانی دروستەیی (الترکیبی).

ب- لادانی نازمانی: واتە دەرچون لە نەریتە باوەکانی کۆمەڵ، لادانە لە دابونەریتەکان،ئەمەش سروشتێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری هەیە.

پاشان لیچ ڕەخنەگری ئینگلیزی لە کتێبی ( Alinguistic guide to English Poetry)، لادان بە ئامێرێکی خوڵقاندنی شیعر دەزانێت، لەم کتێبەدا هەشت جۆر لە لادان دەستنیشاندەکات، کە بریتین لە: (لادانی سینتاکسی/ڕێزمانی، لادانی وشەیی، لادانی مێژویی/سەردەمی، لادانی فۆنیمی، لادانی شێوازی، لادانی ڕێنوسی، لادانی دیالێکتی، لادانی واتایی): (بڕوانە: سمیه بیگدلی، ١٣٩٥: ١٤)و(مرجانەی نظری پاشاکی، ١٣٩٤:٤).

١-٦-١) لادانی سینتاکسی/ڕێزمانی (Grammatical deviation):

زۆرێك لە تایبەتمەندییە شیعرییەکانی شاعیران لە ڕێگای ئەو جۆرە لادانە تایبەتەوە دەردەکەوێت، کە لە نێو شیعرەکانیاندا پەیڕەویدەکەن، ئەگەر بەتەواوی لە یاساکانی زمان پەیڕەوی بکەن، ئەو کات نابنە خاوەنی هیچ جۆرە شێوازێکی تایبەتی خۆیان لە شیعرەکانیاندا. "شاعیر دەتوانێت بە جێگۆڕکێکردنی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە یاساسینتاکسییەکانی زمانەکەی لابدات و زمانی خۆی لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا جیابکاتەوە. بە بڕوای لیچ لادان لە یاسا سینتاکسییەکان بۆ دو جۆر دابەشدەکات: لادان لە دروستە ڕوکەشەکان و لادان لە دروستە قوڵەکان، لادان لە ئاستی ڕوکەشدا نەك لە ڕوی لایەنی هونەرییەوە، بەڵکو لەم ڕووەوە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر

تێگەیشتنی ڕستە نییە، بە ڕوکەشی ناودەبرێن، بەڵام لە لادانی ڕێزمانی دروستەی قوڵدا، شوێنێك كە دەبێت بە وشەیەك لە كەتیگۆرییەكی ڕێزمانی تایبەت پڕببێتەوە، بە وشەیەكی تر لە كەتیگۆرییەكی دیكە پڕدەكرێتەوە، بۆ نمونە كردارێك كە تەنها بەركارێك وەردەگرێت، لە شوێنێك بەكاریدەهێنین، كە بە شێوەیەكی ئاسایی لەلایەن ئەو كردارانەوە بەكاردێن، كە بە بەركارێك و تەواوكەرێك پڕدەبنەوە"(عباسعلی آهنگر، محمود رجب زادە، مهدی رجائی، ١٣٩٦:٥٨).

١-٦-٢) لادانی وشەیی (Morphological deviation):

"بە بڕوای لیچ لە لادانی وشەیی شاعیرەكان وشە و پێكهاتەیەك دەخوڵقێنن، كە تاكو ئەوكاتە بەكارنەهاتووە و لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا شوێنیان نییە، هەندێك كات ڕەنگە شاعیر وشەیەك بەكاربهێنێت، كە تەنها و تەنها یەكجار بەكاربهێنرێت، تەنانەت كەسانی ئاساییش ڕەنگە پەنابەنە بەر دروستكردن و سازدانی وشەی نوێ وەكو لەبەر دەستترین شێوە بۆ دەربڕینی هەستەكان یان بیروباوەڕەكانیان، هەروەها لیچ دەڵێت: هەرچەندە زۆربەی وشە تازەكان كە لەلایەن شاعیرانەوە دروستدەكرێن، دەبێت بە وشە لەقەڵەمبدرێن، وشە داهێنراوەكانی شاعیران بەردەوامییەكی زیاتریان لە وشە داهێنراوە ئاساییەكانی سەرزاری خەڵكی هەیە، چونكە شیعرێكی سەركەوتو چەندەها جار لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخ و نەوەكانی دواتر دەخوێنرێتەوە"(بڕوانە: عباسعلی آهنگر ودیگران، ١٣٩٦: ٦٠). واتە "شاعیر لەڕێگای لادانی وشەییەوە هەڵدەستێت بە زەقكردنەوەی ئەو زمانەی بەكاریدەهێنێت، بەم شێوەیە لە ڕێگای لادان لە یاساكانی زمانی ستانداردەوە وشەیەكی نوێ دروستدەكات و بەكاریدەهێنێت"(یدالله بهمنی مطلق، مریم سیوندی، ١٣٩٤:١٠٨).

١-٦-٣) لادانی مێژویی/سەردەمی (Deviation of historical period):

"شاعیر ئەو توانا و ئازادییەی هەیە، كە خۆی تەنها بە زمانی سەردەمی خۆی نەبەستێتەوە، بەڵكو بە هێنانەوەی وشەی كۆنی سەردەمی پێش خۆی، هەوڵدەدات، جۆرە جوانییەك بە شیعرەكەی ببەخشێت. یەكێك لە شێوازی شاعیرەكان بەكارهێنانی كۆمەڵێك وشە و پێكهاتەیە لە شیعردا، كە لە كاتی نوسینی شیعرەكەدا لە زمانی خۆكار باو نییە و بە یەكەیەك دادەنرێن، كە پێشتر و لە كۆندا باوبون و بەكارهێنراون و دواتر مردون"(ناصر ناصری، ١٣٩٥:١٩٢).

١-٦-٤) لادانی فۆنێمی (Phonological deviation):

زمان لە كۆمەڵێك یەكە دروستدەبێت، بۆ ئەوەی ئەو یەكانە بكەونە پاڵ یەكتر و ببنە خاوەن واتایەك بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێك، بچوكترین یەكەش (فۆنێم)ە، واتە لە یەكەم هەنگاودا دەبێت فۆنێمەكان لەگەڵ یەكتردا لێكبدرێن، تاكو یەكەی گەورەتری وەكو (مۆرفێم و وشە و ...) دروستببێت، بەڵام لە هەر هەنگاوێكدا لە كاتی دروستبونی یەكەیەكی زمانی، یاساگەلێكی ڕێكخراو و ورد بونیان هەیە، پێمان دەڵێن كامە فۆنێم و مۆرفێم و وشە بچنەپاڵ یەكترو لێكبدرێن، هەروەها لە ئەنجامی كارلێككردنی دەنگەكان بۆ دروستكردنی یەكەی گەورەتر، دەنگ هەیە، گۆڕانی بەسەر دێت، یان دەقرتێنرێت، یان زیاد دەكرێت، یان دەگۆڕێت، یان ...، زۆرجار شاعیر كۆمەڵێك گۆڕانكاری دەنگی (بۆ نمونە وەكو كرتاندنی دەنگ) بۆ پاراستنی لایەنی مۆسیقای شیعرەكەی (كێش و سەروا) بەكاردەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە "لادانی دەنگی ئەوەیە كە شاعیر لە یاسا دەنگییە باو و بەكارهاتووەكانی زمان لابدات و جۆرە یاسایەكی دەنگی بەكاربهێنێت، كە لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا بەكارناهێنرێت، ئەم جۆرە لادانە زیاتر بۆ پاراستنی كێش بەكاردەهێنرێت"(محمد رضا یوسفی، رقیە ابراهیمی شهرآبادی، ١٣٩٤:٢).

١-٦-٥) لادانی شێوازی (Deviation of register):

هەندێ كات لەنێو بەرهەمی شاعیراندا، نمونەی شیعری بەرچاودەكەوێت، كە زمانی نوسینەكەی لە شێوە ستانداردەكەدا دورە و شاعیر پەنای بردۆتە بەر زمانی ئاخاوتن(بڕوانە عباسعلی آهنگر ودیگران، ١٣٩٦: ٦٦) ئەمەش بەبێ هۆكار نییە، بەڵكو مەبەستی شاعیر لەم كارەدا ئەوەیە، كە جگە لەوەی جوانییەك بە شیعرەكەی دەبەخشێت، هەروەها حەز و تامەزرۆی خوێنەر بۆ خوێندنەوە زیاد دەكات و سەرنجی خوێنەر ڕادەكێشێت.

١-٦-٦) لادانی ڕێنوسی (Graphlogical deviation):

هەندێك جار شاعیر شێوازێكی جیاواز لە نوسینی وشەكان بەكاردەهێنێت، بێگومان گۆڕانكاری لە شێوەی نوسینی وشەكان دەكات، كە نابێتە هۆی گۆڕان لە شێوازی خوێندنەوەی وشە. "سەرەتاییترین نمونەكانی لادانی ڕێنوسی لە شیعری شاعیران دەكرێ لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ببینرێت، گیوم ئاپولینێر (١٨٨١-١٩١٨) شاعیری فەرەنسی بە ڕەچاونەكردنی خاڵبەندی داهێنانێكی تایبەتی لە ڕیزكردنی پیتەكانی چاپخانەی كرد، لادانی ڕێنوسی لە شیعرەكانی ئیمیلی دیكنسۆن لە ڕێگای زۆر بەكارهێنانی مەودایە لە نێوان وشەكان (-) و گەورە نوسینی پیتە سەرەتاییەكانی ئەو وشانەی كە دەكەوتنە ناوەڕاستی ڕستەوە دروستدەبێت، هەروەها لە شیعرەكانی كمینگێز (١٨٩٤-١٩٦٢) بەكارنەهێنانی پیتی گەورە، تەنانەت لە وشەكانی سەرەتای ڕستە و بەجیانوسینی

فۆنێمەکانی وشەیەك دیارترین جۆرەکانی لادانی ڕێنوسییە"(نجمه حسینی سروری، ١٣٩٣: ٥٦).

١-٦-٧) لادانی دیالێکتی (Dialectal deviation):

"وەرگرتنی هەندێك پێکهاتە لە دیالێکتە کۆمەڵایەتی یان ناوچەییەکان بەگشتی لە دەقە نوسراوەکاندا نادۆزرێتەوە، چونکە لە نوسەر چاوەڕێدەکرێت، کە بە دیالێکتێکی پەسەندکراو یان شیاو بۆ تێگەیشتن و زانین بۆ هەموان بنوسێت، کە هەمان زمانی ستانداردە. لادانی دیالێکتی واتە کەڵك وەرگرتنی شاعیر لە وشە و پێکهاتەگەلێك جگە لە زمانی ستاندارد کە زیاتر وشە و پێکهاتەکانی شێوەزاری ناوچەیی (شوێنی لەدایکبونی) خودی شاعیرن"(عباسعلی آهنگر ودیگران، ١٣٩٦: ٦٧).

١-٦-٨) لادانی واتایی (Semantic deviation):

ئاستی واتا هەروەکو ئاستەکانی دیکە بگرە زیاتریش لەوان ڕۆڵ و گرنگی لە پێکهێنانی دەق شیعریدا هەیە، جۆرێکی زۆر چالاکە بەتایبەتی لە ڕوی دروستبون و خوڵقاندنی لادانە شیعرییەکاندا. "شاعیر لە زمانی شیعریدا ئەو قاڵبە ئامادەکراوانە دەگۆڕێت، کە ڕۆژانە بۆ گەیاندنی واتا بەکاردێت، مەبەستیەتی شێوەی نوێ بۆ کردەی گەیاندن داپهێنێت، بۆیە لادانی واتایی، لە ئەنجامی گەیاندنی واتا دور لە شێوەکەی بەکاردێت، دەستپێکی ئەم کارەش لە دەستکاریکردن و گۆڕینی پێوەندیی نێوان ناو (دال) و ناولێنراو (مدلول) سەرهەڵدەدات، هەروەك ئۆلمان دەڵێت: واتا بریتییە لە، پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو، هەر گۆڕانێکیش لەو پەیوەندییە ڕوبدات، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا"(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٥). هەروەها "جاکۆبسۆن دەڵێت: لادانی واتایی دەرچونە لە ڕێزمانی هەڵبژاردنی هێما زمانییەکان، وەك دانانی تاك لە شوێنی کۆ، یان دیارخەر لە شوێنی دیارخراو، یان نائاشنا لە شوێنی ئاشنا"(مسعود بودوخة، ٢٠١١: ٤٣). بەم پێیە خودی شاعیر سەرچاوەی لادان و یاسابەزاندنە لە زماندا، لەم ڕووەوە شاعیر ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕانکارییەکان و نوێخوازی دەبینێت، بە پێچەوانەشەوە گوێگر هێزێکی پارێزگارە و بەرامبەر بەو گۆڕانکاری و نوێخوازییە دەوەستێت، چونکە هەر گۆڕانێك لە شاعیرەوە بێت، باری گوێگر قورستر دەکات، ئەرکێکی زیاتری بۆ تێگەیشتن دەخاتەسەر، بۆیە گوێگر سنورێك بۆ ئەو گۆڕانکاریانە دادەنێت، بەوەش دەوروبەر دەکەوێتە نێوان شاعیر و گوێگرەوە.

٢) لادانی واتایی لە شیعرەکانی شاعیردا:

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەست بێت، لادانی واتاییە، کە بتوانین ئەم جۆرە لادانە بە نمونەی شیعری شاعیر شیبکەینەوەو پەسنی بکەین. دیارە "چەمکی لادان و بڵاوبونەوەی لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و شێوازگەریدا ناوبانگی دەرکرد، هۆکاری گرنگیدان بەم چەمکەش دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتییە جیاوازەکانی زمانی ئەدەبی بەگشتی و زمانی شیعری بەتایبەتی، ئەم چەمکەش لەلایەن ژمارەیەك توێژەر و ڕەخنەگرەوە بونیادنرا، لەوانەش (جان کۆهن) کە وایدەبینێت: مەرجی بنەڕەتی و پێویست بۆ ڕودانی شیعریەت، بەدەستهێنانی لادانە" (اسماعیل شکري، ١٩٩٩: ٢٣). وەك پێشتر لە جۆرەکانی لادانی زمانی ئاماژە بەوە درا، کە ئاستی واتا وەکو ئاستێکی زمان زیاتر لە ئاستەکانی دیکە لە زەقکردنەوەی ئەدەبی بەکاردەهێنرێت. "بەپێی ڕای لیچ، توخمەکانی خەیاڵ لە شیعر و واتا و وێنە دروستکراوەکان هۆکاری دروستکردنی لادانی واتایین، هاونشینی وشەکان بەپێی یاساکانی زمانی ستاندارد سنورگەلێك دروستدەکەن، کە ئەبنە ڕێگر لە بەرانبەر دەرخستنی ڕون و ئاشکرای واتای ئاوەزی شاعیر، بۆیە شاعیر بە بەکارهێنانی بابەتە جوانکارییە ئەدەبییەکان لە شیعردا بە لادان و زەقکردنەوە خەریك دەبێت"(عبدالله حسن زاده میر علی و دیگران، ١٣٩٤: ٦٤). بەو واتایەی "هاونشینی وشەکان بەپێی یاسا باوەکانی زمان خاوەنی سنوری تایبەتی خۆیەتی (میتافۆر/خوازە و خواستن، لێکچون، پارادۆکس، ناوهێنانی ناڕاستەوخۆ، ...) لە لادانی واتایی شایانی لێکۆڵینەوەن، لوتکەی جوانکاری هونەری و لایەنی ئەدەبی دەق لە سنوری واتادا ڕوددەدات"(محمد حسین خان محمدی، آنیتا خالقی، ١٣٩٣: ٣٩). لەم ڕوانگەیەشەوە "ڕونکردنەوە و تێگەیشتن لە واتای لادانی واتایی کۆمەڵێك دیاردە دەگرێتەوە، لەوانەش: دیاردەی کرتاندنی زنجیرەیی لۆجیکی و تێهەڵکێشکردنی وێنە و هەست و ئاماژەکانە، هەروەها ناچاربونی شاعیر لە بەکارهێنانی وشەکان کە هەڵگری واتایەك بن، کە لە بنەڕەتدا ئەو واتایەی هەڵنەگرتوە، بەمەش جیابونەوەیەکی گەورە لە نێوان ئامرازەکانی دەربڕین و ئەوەی کە مەبەستە، دەربڕینی لەسەر بکرێت"(تامر سلوم، ١٩٩٦: ١٠٢). بەم پێیەش "لادانی واتایی پێدانی واتایی خوازراوە بە دەبڕینەکان، خواستن سەرەکیترین جۆری ئەم لادانە دەنوێنێت، کە تیایدا واتای فەرهەنگی وشە دەگۆڕێت بۆ واتای خوازراوی پێشبینیکراو، هەروەها گۆڕینی ناولێنراوی یەکەم بۆ ناولێنراوی دوەم، یان واتای چەمکی بۆ واتای هەڵچون"(عبدالله خضر حمد، ٢٠٠٣: ٥١).

هەروەها "زمان هۆکاری ڕودانی دیاردەی لادانە، بۆیە لادان نرخ و گرنگی خۆی لە زماندا دەستدەکەوێت، واتە گرنگی لادان

دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی زمان و بۆ جیاوازی ڕونیی واتا و توانای بەرز لەسەر گوزارشتکردن لەسەر واتای جیاواز"(صونیا لوصیف و سارة کرمیش، ٢٠١١: ٩-١٠). هەر لەبەر ئەوەشە "گرنگی لادانی واتایی لەوەدایە، کە بەرفراوانترین بوارە شاعیر دەتوانێت داهێنان و هێزی خۆی لە ڕوی بون و توانای کاریگەرییەوە پیشانبدات، بە واتایەکی دیکە توانای ڕادەی داهێنان شاعیر دەردەخات"(ناز ئەحمەد سەعید،٢٠١٣: ٢٥٥) بە چەندین ڕێگە و شێوازی جیاواز لە سەرچاوەکاندا باس لە جۆرەکانی لادانی واتایی کراوە، لێرەدا سود لە دابەشکردنەکەی (فەرزان سجودی) وەرگیراوە، کە بەم شێوەیە جۆرەکانی لادانی واتایی دەستنیشانکردوە: (بڕوانە: دلێر سادق کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٢)

١. بەبەرجەستەکردن.
٢. بەئەبستراککردن.
٣. بەزیندەوەرکردن.
٤. بەڕەوانکردن.
٥. بەتەنکردن.
٦. بەگیاندارکردن.
٧. بەڕووەککردن.
٨. بەمرۆڤکردن.
٩. بەئاژەڵکردن.

١- بەبەرجەستەکردن: بریتییە لە پێدانی سیمای واتایی (+بەرهەست) بە (+ئەبستراکت)، واتە لێرەدا شاعیر کەرەستەیەك یاخود شتێکی بێگیان دەکات بە گیاندار و هەستی بەبەردا دەکات، بۆ نمونە:

دەسا چیتر نەمامی حەز
لە خاکی دڵما مەڕوێنە
(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤: ٧)

لێرەدا شاعیر نەمامی حەز کە شتێکی ئەبستراکتە، کردویەتی یاخود چواندویەتی بە شتێکی بەرجەستە، هیچ شتێکیش لەنێوان ئەو دوانەدا نییە واتا لێکچون لەنێوان (نەمام) و (حەز).

منیش وەکو ئەو لاوانە
دەمی حەزم گاز ئەگرێ لە
هەموو پاچەیەکی لەشت
چاوم تینوی سەرنجێکە
تامەزرۆیە و سەرنج ئەدزێ
لە نیگای دوو چاوی گەشت.
(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤: ٦)

دیسان شاعیر لێرەدا دەمی حەز کە شتێکی ئەبستراکتە، چواندویەتی بە شتێکی بەرجەستە، کە توانای گازگرتنی هەبێ. هەروەها تینویەتی چاو شتێك نییە، هەستی پێبکرێت، وەکو ئەوەی مرۆڤ کاتێك کە تینوی ئەبێت، واتە شتێکی نابەرجەستە بە شتێکی بەرجەستە چوێنراوە.

گەر سەرماتە ئەوە گڕی شیعرەکانم
گەرمی و ڕوناکیت دەداتێ
(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤: ١٨)

لێرەدا شاعیر شیعر کە توانای گەرمکردنەوەی جەستەی مرۆڤی نییە، کردویەتی بە شتێك کە توانای سوتان و گەرمکردنەوەی هەبێت، واتە شتێکی ئەبستراکت کراوە بە شتێکی بەرجەستە لە ڕێی تینی گەرمییەکەیەوە، کە بەر جەستە دەکەوێت و هەستی پێدەکەین.

کە نیگا ئەگۆڕینەوە
چەپکێ خەمی
سەوز و شیرین گەورە ئەبێ
(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤: ٣٠)

شاعیر لێرەدا خەمی بە شتێك چواندوە، کە بتوانرێت بکرێت بە چەپك و ببەسترێت، دیارە خەم شتێکی نابەرجەستەیە، بۆیە ناتوانرێت ببەسترێت، واتە شتێکی ئەبستراکتی کردوە بە شتێکی بەرجەستە.

٢-بەزیندەوەرکردن: بریتییە لە پێدانی سیمای (+زیندەوەر) بەوەی کە (-زیندەوەر)ە، واتە مامەڵەکردن لەگەڵ شتێکی بێگیان وەك شتێکی گیاندار، بۆ نمونە:

منی سەرشێت
لە زمانی ترس ناگەم
بەسەر لاشەی شەوەکانا
هەنگاوئەنێم
(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤: ١٤)

دیارە ترس زمانی نییە و هەروەها شەویش لاشەی نییە، شاعیر لێرەدا شەویش بە زیندەوەر چواندوە، چونکە زیندەوەرەکان لاشەیان هەیە.

نەتزانیوە کە شاعیرێ بە تۆ دەگا..
شنەی نیگات
پەپولەی خەیاڵی مەستی
بۆ کوێ دەبات؟..
(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤: ٢٠)

شاعیر لێرەدا خەیاڵی کردوە بە پەپولە، خەیاڵ شتێکی (-زیندەوەرە)، بەڵام پەپولە (+زیندەوەرە)، بۆیە لێرەدا شاعیر لێرەدا خەیاڵی کردوە بە زیندەوەر. دیارە ئەم لێکچواندنەی

شاعیر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە خەیاڵی مەست وەکو پەپولەیەکە کە نازانێت بۆ کوێ ئەفڕێت.

ئێوارەیە
دە مەگەڕێ
شەقامەکە لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە.

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:٦)

دیارە شەقام (-زیندەوەرە) سیمای هەژاندیش بۆ (+زیندەوەر) بەکاردێت، واتە بەزیندەوەرکردنە، چونکە شەقام نازیندەوەرە، هەژاندنیش بۆ ئەو شتانەیە کە زیندەوەرن.

شیعر ژانێکی بەسۆیە
لەگەڵ خۆشەویستی تۆدا
لەناو سینگی منا ئەژین
ئەی خاتو زین

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١٤)

دیارە شیعرو خۆشەویستیش سیمای (-زیندەوەر)ن، بەڵام ژیان بۆ شتێکی زیندوە واتە سیمای (+زیندەوەر).

٣- بەرووەککردن: بریتییە لە پێدانی تایبەتمەندییەکانی رووەك بەوەی کە لە بەکارهێنانی گەڕانەوەییدا نارووەکییە، واتە پێدانی سیمای (+ڕووەك) بە (-ڕووەك)، بۆ نمونە:

تا چەپکێ تیشکی خۆر بچنم
بۆ سنگی تۆی خۆشەویستم

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١٥)

لێرەدا شاعیر خۆری کردوە بە رووەك، چونکە چەپککردن و چنین بۆ گوڵ یان رووەك بەکاردێت، شاعیر لێرەدا سیمای (+ڕووەك) ی داوە بە خۆر، کە لە بنەڕەتدا سیمای (-ڕووەك)ی هەڵگرتوە.

ئەی ئەو کەسەی هەتا ئەمرم
گوڵی شیعر بۆ تۆ ئەگرم

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:٣٢)

دیارە گوڵگرتن سیمای (+ڕووەك)ە، چونکە تەنیا درەخت و رووەك گوڵدەگرن، شاعیریش لێرەدا خۆی چواندوە بە رووەکێك،کە گوڵدەگرێت، واتە پێدانی سیمای (+ڕووەك) بە شتێك کە لە بنەڕەتدا (-ڕووەك)ە.

شێوەم لەناو
نیگای چاوەکانتا ڕوابوو..

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:٣٨)

شاعیر لێرەدا سیمای (+ڕوان ) و چاندنی داوەتە پاڵ نیگا، کە خۆی سیمای (-ڕووەك)ی هەیە.

گیانەکەم با زامەکانیشم
ئازاریان لێ هەڵبوەرێ

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١١٦)

وەرین سیمایەکە تایبەتە بە رووەك و درەخت، شاعیر لێرەدا ئازارەکانی خۆی یاخود زامەکانی کە شتێکی نابەرجەستەیە و سیمای (-ڕووەك)ی هەیە، داوەتە پاڵ وەرین، واتە بەرووەککردن لە شیعرەکەدا ڕویداوە.

ئێستاش پەپولەی ماچی من
بەسەر گوڵی لێوتەوەیە

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:٣٢)

لێرەدا هەردو دیاردەی بەزیندەوەرکردن و بەرووەککردنی تێدا بەکارهاتووە، چونکە لەلایەك شاعیر ماچ کە سیمای (-زیندەوەر)ی هەیە، کردوە بە پەپولە، کە هەڵگری سیمای (-زیندەوەر)ە، لەلایەکی تریش گوڵی لێوتەوە، واتە لێوی کردوە بە روەك، چونکە لێو سیمای (-ڕووەك)ی هەیە، (گوڵ)یش سیمای (+ڕووەك)ی هەیە.

٤- بەگیاندارکردن: بریتییە لە پێدانی سیمای واتایی (+ گیاندار)، بەوەی بەپێی یاسای بەیەکەوە هاتنی لێکسیکەکان لە ئەرکی گەڕانەوەییدا دەبێت بە سیمای (- گیاندار)ی هەبێت، بۆ نمونە:

ئای گیانەکەم
دڵی شەو چەندە تاریکە

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١٥)

دیارە شاعیر لێرەدا شەوی بە گیاندار چواندوە، چونکە گیاندرەکان دڵیان هەیە، دڵی شەویش کە شاعیر بەکارهێناوە، سیمای (- گیاندار)ی هەیە، لێرەدا سیمای (+ گیاندار)ی پێبەخشیوە.

بەڵام گیانە
تۆ پێم ناڵێی بۆچی ئەمرۆ
خۆشەویستیت
لە شاری دڵما مردووە..؟

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:)

دیارە شاعیر خۆشەویستی کردوە بە شتێکی گیاندار، کە گیانی تیا نەمابێ و مردبێ، چونکە مردن سیمای (+گیاندار)ی هەیە، واتە شتێك کە گیانی تیا بێت، ئینجا ئەو گیانە لە قۆناغێکدا ئەمرێ، بەڵام خۆشەویستی هەڵگری سیمای (-گیاندار)ە، واتە بەگیاندارکردن لەم دێڕە شیعرەدا هەیە.

ئەم وڵاتە پیرۆزەیە
کە تۆم خۆش ویست
ڕقم لە دڵی خۆما کوشت

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١٦٢)

رق هەڵگری سیمای (-گیاندار)ە، کوشتنیش بۆ شتێکە گیانی تێدا بێت و بتوانرێت ئەو گیانە لەناوببرێت، بۆیە کوشتن سیمای (+گیاندار) کە کەسێك یان ئاژەڵێك یان باڵندەیەك... دەتوانرێ بکوژرێت.

٥- بەمرۆڤکردن: بریتییە لە پێدانی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە شتە نازیندووەکان، وەك:

بەڵام من هەر چاوم لە ئەستێرەیەکە..

ئەڵێ وەرە

لەباتی گوڵ

بمدە لە قژی خاتو زین

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١٥)

خودای گەورە توانای قسەکردنی بە مرۆڤ بەخشیوە، ئەمەش دیارترین ئەو تایبەتمەندیانەیە کە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر جیادەکرێتەوە، لێرەدا شاعیر ئەستێرەی بە مرۆڤ چواندوە، لەوەی کە توانای قسەکردنی هەیە و بانگی دەکات، کەواتە شاعیر لێرەدا ئەستێرەی کردوە بە مرۆڤ، بۆیە بەمرۆڤکردن ڕویداوە لەو دێرە هۆنراوەیەدا.

گیانە شیعریش وەك تۆ وایە

گەر تۆ نەیەی ئەویش نایە

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١٧٨)

شاعیر شیعری چواندوە بە مرۆڤ، کاتێك کە تۆ بێیت، شیعریش دێت، گەر تۆ نەیەیت، شیعریش نایەت، واتە تایبەتمەندی هاتن کە بۆ مرۆڤ و گیانلەبەرانە داویەتە پاڵ شیعر.

شاعیر ئەمرێ و

حەزەکانی بە هەتیوی گەورە ئەبن

وەکو پیرێك

گەنجێتی لە خوێنیا بژی

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:١٢)

شاعیر لێرەدا حەزەکانی خۆی کە شتێکی نابەرجەستەیە، بە منداڵێك چواندوە، کە کاتێك باوکی یان دایکی ئەمرێ، هەتیو دەکەوێت، واتە تایبەتمەندی مرۆڤ بە حەزەکانی خۆی بەخشیوە.

شیعرێ ڕەنگی وەك ڕەنگت

شیعرێ ناسکتر لە دەنگت

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:٣٢)

شاعیر شیعری بە مرۆڤ کردوە لە تایبەتمەندی ڕەنگی و دەنگی، کە دو تایبەتمەندین، لە مرۆڤدا هەن، چونکە شیعر نە ڕەنگی هەیە و نە دەنگی هەیە، واتە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی بەخشیوە بە شیعر.

٦- بەتەنکردن: هەر کاتێك وشەیەك بە سیمای (- تەن) لە شوێنی وشەیەك دابنرێت، کە لە بەکارهێنانی گەڕانەوەییدا (+ تەن)ی هەبێت، ئەوا بەتەنکردن ڕویداوە، بۆ نمونە:

خەم ئەبووە خەنجەرێك و

کۆرپەی ئاواتی ئەکوشتین

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:٤٨)

شاعیر لێرەدا سیمای (+ تەن)ی بەخشیوە بە خەم، کە شتێکی نابەرجەستەیە و سیمای (- تەن)ی هەیە، واتە خەمی بە خەنجەر چواندوە.

٧- بەئەبستراکتکردن: هەرکاتێك وشەیەك بە سیما (-بەرهەست) لە شوێنی وشەیەك دابنرێت، کە لە بەکارهێنانی گەڕانەوەییدا سیمای (+ بەرهەست)ی هەبێت، بۆ نمونە:

ئای لە خۆشی ئەو کاتانەی

تۆ لانەم بووی .. هەناسەم بووی

تۆ خەیاڵ و لێکدانەوەی

شەوانم بووی

(فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠٠٤:٤٨)

لێرەدا شاعیر خۆشەویستەکەی کردوە بە شتێکی ئەبستراکت، چونکە هەناسە و خەیاڵ سیمای (- بەرهەست)ی هەیە، خۆشەویستەکەشی کە مرۆڤە سیمای (+بەرهەست)ی هەیە.

## ئەنجامەکان:

١. لادانی زمانی و بەتایبەت لادانی واتایی کاریگەریی ئەرێنی هەیە، بەوەی کۆکراوەی تێگەیشتن و چێژی هەمو دەق و کارە ئەدەبی و زمانییەکانە، پاشان گەیشتن بە درککردنی واتای شاراوە، کە ئەو سنورە زمانییە دەبەزێنێت بۆ ژمارەیەکی بێکۆتا لە واتا.

٢. بە خستنەڕوی نمونەکان و شیکردنەوەیان، ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە لادانی واتایی لە شیعرەکانی شاعیردا بەرجەستەدەبێت، تەنانەت زۆربەی جۆرەکانی لادانی واتایی وەك (بەبەرجەستەکردن، بەزیندووەرکردن، بەڕووەککردن، بەگیاندارکردن، بەمرۆڤکردن، بەتەنکردن، بەئەبستراککردن) لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

٣. شاعیر هەم لەڕێگەی بەزاندنی بنەمای واتایی و هەم بەزاندنی پێکەوەهاتنی کۆدە کانیشەوە، وەك لە نمونەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، کۆمەڵێك فرێزی ناوازەی بەرهەم مهێناوە،وەك (نەمامی حەز، خاکی دڵم، دەمی حەزم، گری شیعرەکانم، دڵی شەو، گوڵی شیعر، چەپکێ خەم، لاشەی شەوەکان، شنەی نیگات، پەپولەی خەیاڵی مەستی، چەپکێ تیشکی خۆر،...)، هەریەك لەم فرێزانەش لەسەر ئاستی سیمانتیك بەهۆی بەزاندنی واتایی و لادان لە قەیدو مەرجە باوە کان بەرهەمهێنراون، ئەگەر چی لە ڕوی کەتیگۆریی ڕێزمانییەوە هاوچەشنن، بەواتا شاعیر تەنها لە ڕێگەی بەزاندنە واتاییەکەوە وێنەکان بەرهەمدەهێنێت، لە بەرانبەریشدا پەیوەستە بە پێڕەوکردنی یاساو ڕێسا ڕێزمانییەکانەوە، بەمەش شاعیر بە بەزاندنی کۆدی واتایی لە پێکەوەهاتن لادەدات و بیری شیعریی نوێ بەرهەمدەهێنێت.

## پەراوێز:

١-سەبارەت بەو دابەشکردنانەی بۆ جۆرەکانی لادان کراون، هەمەجۆرن، هەریەکەیان بەسودوەرگرتن لە بنەمایەك کە بەلایانەوە پەسەندبوە، لادانی واتاییان دابەشکردوە، لەوانە:

یەکەم/ جان کۆهن لادان لە ئاستی واتا دەکات بە سێ بەشەوە (الاسناد) خستنەپاڵ، (التحدید) دەستنیشانکردن، (الوصل) گەیاندن(بڕوانە: ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣: ٢٦).

دووەم/ کۆرشی سەفەوی بەپێی ئەو پەیوەندییەی کە جاکۆبسۆن ناویان دەنێ، پەیوەندی هەڵبژاردن و لێکدان و سۆسێر پێیان دەڵێت هاونشینی و بیرخستنەوە لادانی واتایی دابەشدەکات بۆ:

لادانی واتایی ــ بەگوێرەی هەڵبژاردن ــ لێکچون ــ خوازە
ــ بەگوێرەی لێکدان ــ لێڵی

پارادۆکس (هێڵکاری) جۆرەکانی لادان لای کۆرشی سەفەوی)(بڕوانە: دلێر سادق کانەبی، ٢٠٠٩: ٤١)

سێیەم/ محەمەد مەعروف فەتاح لەسەر بنەمای کۆتبەندی (هەڵبژاردن، هاوڕێیەتی) کە لادان لێیان دەبێتە هۆی ناوێزەیی واتایی دو جۆر لادانی دەستنیشانکردوە: (بڕوانە: محمد معروف فتاح، ٢٠١٠: ٤٢٠-٤٢١)

١- درێژ و ڕۆین: بریتییە لە گەیاندنی واتا بە ڕێگەی پێچاوپێچ و درێژ بێگوێدانە وزەپارێزی و کورتبڕی.

٢- پێکدادانی واتایی: لەم جۆرەدا واتای کەرەستەکانی لەگەڵ یەکدا ڕێکناکەون، ئەویش سێ جۆرە:

أ- پلەی تەبایی.

ب- پلەی دژایەتی.

ج- پلەی نەگونجان.

چوارەم/ عەبدولواحید موشیر دزەیی بەسودوەرگرتن لە بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری لای گرایس چوار جۆر لادانی واتایی دەستنیشاندەکات: (چەندێتی، چۆنێتی، شێواز، پەیوەندی)(بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤: ١٢١).

## سەرچاوەکان:


یەکەم/ بە زمانی کوردی:

١. ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١٣)، شێوازگەری لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
٢. دلێر صادق کانەبی (٢٠٠٩)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد (ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیرباڵ)، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٣. سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، زانستی پراگماتیك، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر.
٥. فەریدون عەبدول بەرزنجی (٢٠٠٤)، دیوانی فەریدون عەبدول بەرزنجی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
٦. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٧. ناز ئەحمەد سەعید (٢٠١٣)، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

**دووەم/ بە زمانی فارسی:**

٨. ابراهیم اناری بزچلوئی، حسن مقیاسی، سمیرا فراهانی (١٣٩١)، هنجارگریزی معنایی قرآن در شعر محمد عفیفی مطر، مجله انجمن ایرانی زبان و ادبیات عربی علمی. پژوهشی، شماره (٢٥).
٩. احمد وفائی بصیر (١٣٩٧)، هنجارگریزی معنایی در هشت کتاب سهراب سپهری، فصلنامه زبباشناسی ادبی، سال (١٧)، شماره (٣٨).

١٠. پیمان منصوری و اسماعیل قافله باشی (١٣٩٨)، بررسی هنجارگریزی های واژگانی و معنایی در غزلیات طالب آملی، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال (١٦)، شماره (٦٣).

١١. جعفر میرزایی پرکلی و زهرا مهدوی (١٣٩٣)، بررسی هنجارگریزی معنایی در غزلیات حافظ، فصلنامه‌مطالعات زبان و گویش های غرب ایران، دانشگاه ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه، سال ششم، شماره (٦).

١٢. حمید رضا مشایخی و زینب خدادی (١٣٩١)، بررسی هنجارگریزی در بخشی از اشعار نزار قبانی،دو فصلنامه علمی پژوهشی نقد ادب معاصر عربی، سال دوم، شماره دوم.

١٣. حمید صمصام (١٣٩٥)، برجسته‌سازی در شعر اخوان ثالث، فصل نامه تخصصی زبان و ادبیات فارسی دانشگاه آزاد اسلامی مشهد، شماره (٦).

١٤. روح الله صیادی نژاد، منصوره طالبیان (١٣٩٣)، هنجارگریزی معنایی در شعر مولوی و ابن فارض، پژوهشهای نقد ادبی و سبک شناسی (علمی . پژوهشی)، شماره ١ (پی در پی ١٧).

١٥. سمیه بیگدلی (١٣٩٥)، بررسی هنجارگریزی های زبانی در غزلیات فارسی استاد شهریار در چهارچوب الگوی پیشنهادی لیچ، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه محقق اردبیلی.

١٦. صغری سلمانی نژاد مهر آبادی (١٣٩٤)، بررسی نمودهای هنجارگریزی در (خوان هشتم) و راز ماندگاری این شعر، فنون ادبی علمی . پژوهشی، سال هفتم، شماره (٢).

١٧. عباسعلی آهنگر، محمود رجب زاده، مهدی رجائی (١٣٩٦)، بررسی و تحلیل گونه‌های هنجارگریزی در غزل های امیر حسن سجزی دهلوی، فصلنامه مطالعات شبه‌قاره سیستان و بلوچستان، سال نهم ، شماره (٣٢).

١٨. عبدالله حسن زاده میرکلی، محمد رضایی، نرجس مقیمی (١٣٩٤)، بررسی انواع هنجارگریزی در جریان شعری شعراستان براساس الگوی لیچ، مطالعات زبانی بلاغی، سال (٦)، شماره (١٢).

١٩. غلامرضا سالمیان و سمیرا صمیمی فر (١٣٩٦)، هنجارگریزی آوایی در مثنوی های سنایی، فنون ادبی (علمی . پژوهشی)، سال نهم، شماره ٣ (پیاپی ٢٠).

٢٠. فاطمه مدرسی (١٣٨٨)، تأملی در زبان ادبی رودکی، پژوهشهای زبان و ادبیات فارسی(علمی-پژوهشی)، دانشکده ادبیات علوم انسانی، دانشگاه اصفهان، دوره جدید، شماره (٢).

٢١. قاسم مهر آور گیگلو (١٣٩٤)، بررسی هنجارگریزی معنایی در مرزبان نامه،مجموعه مقاله‌های دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه محقق اردبیلی.

٢٢. گلبرگ ذهنی و ارسلان گلفام (١٣٩٦)، انتخاب هدفمند متون ادبی ، راهکاری برای بالابردن درک دانش آموزان ابتدائی، فصلنامه علمی-پژوهشی زبان و ادب فارسی، گروه زبان و ادبیات فارسی دانشگاه آزاد اسلامی واحد سنندج، سال نهم، شماره (٣١).

٢٣. محمد امین ناصح (١٣٨٨)، بررسی رویکردهای زبانی در پژوهشهای رشته زبان و ادبیات فارسی، جستارهای ادبی مجله علمی . پژوهشی، شماره (١٦٦).

٢٤. محمد حسین محمدی (١٣٨٠)، آشنایی زدایی در غزلیات شمس، ضمیمه مجله ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران.

٢٥. محمد رضا یوسفی، رقیه ابراهیمی شهرآبادی (١٣٩٤)، پژوهشی در ساختار هنجارگریزی شعر احمد عزیزی، گروه زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه فرهنگیان قم.

٢٦. مرجانه‌ی نظری پاشاکی (١٣٩٤)، بررسی هنجارگریزی در دیوان احمد مطر، پایان نامه درجه‌ی کارشناسی ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه محقق اردبیلی.

٢٧. مسعود فروزنده، علی محمد آسیابادی، امین بنی طالبی (١٣٩٥)، هنجارگریزی در ویس و رامین فخرالدین اسعد گرگانی، فنون ادبی (علمی . پژوهشی)، سال هشتم، شماره (٣).

٢٨. مهدی رجائی، محمد خاقانی اصفهانی (١٣٩٣)، نقش هنجارگریزی واژگانی در کشف لایه‌های معنایی قرآن کریم، دو فصلنامه علمی پژوهشی (پژوهش های زبان شناختی قرآن)، سال (٣)، شمار (٢).

٢٩. میلاد قمی و محمود سامانفر، هنجارگریزی در شعر حسن حسینی، www.artmarkazi.ir ‹ ghomi&samanfar

٣٠. نازیلا یخدانساز و ناصر علیزاده خیاط (١٣٩٣)، کاربست اشکال هنجارگریزی در اشعار احمد شاملو، ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال (٤)، شمار اول.

٣١. ناصر ناصری (١٣٩٥)، هنجارگریزی در شعر منوچهر آتشی، پژوهشهای نقد و سبک شناسی، شماره (٣).

٣٢. نجمه حسینی سروری (١٣٩٣)، هنجارگریزی نوشتاری در اشعار نصرت رحمانی، ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال چهارم، شماره اول.

٣٣. والی رضایی (١٣٨٤)، زبان معیار چیست و چه ویژگی هایی دارد؟، مقاله نامه‌ی فرهنگستان.

٣٤. یدالله بهمنی مطلق، مریم سیوندی (١٣٩٤)، نگاهی به هنجارگریزی در شعر نیما، دوفصلنامه علوم ادبی، سال (٤)، شمار (٦).

سێیەم/ بە زمانی عەرەبی:

٣٥.اسماعيل شكري (١٩٩٩)، نقد مفهوم الانزياح، مجلة فكر ونقد، العدد (٢٣).

٣٦.أحمد محمد ويس (٢٠٠٥)، الانزياح من منظور الدراسات الأسلوبية، طبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

٣٧.بوطاهر بوسدر (٢٠١٨)، ظاهرة الانزياح في اللغة (https://www.researchgate.net/publication/٣٢٣٣٢٢٩٧١).

٣٨.تامر سلوم (١٩٩٦)، الانزياح الدلالي الشعري.

٣٩.صالح علي سليم الشتيوى (٢٠٠٥)، ظاهرة الانزياح الاسلوبي في شعر خالد بن يزيد الكاتب، مجلة جامعة دمشق، المجلد (٢١)، العدد (٣-٤).

٤٠. صلاح فضل (١٩٩٨)، علم الأسلوب و مبادئه واجراءاته، دار الشوق، القاهرة، مصر.

٤١. صونيا لوصيف و ساره كرميش (٢٠١١)، الانزياح الدلالي في الالفاظ العربيه، رسالة الماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة منتوري قسنطينة، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبيه.

٤٢. عبدالله خضر حمد (٢٠٠٣)، أسلوبية الانزياح في شعر المعلقات، طبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، اربد. لبنان.

٤٣. لينده حمدي (٢٠١٦)، الانزياح الدلالي في قمر شيراز ل (عبدالوهاب البياتي)، رسالة الماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة محمد خيضر بسكره، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبيه.

٤٤. مسعود بودوخة (٢٠١١)، الأسلوبية وخصائص اللغة الشعريه، طبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، لبنان.

٤٥. وهيبه فوغالي (٢٠١٣)، الانزياح في شعر سميح القاسم، رسالة الماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة أكلي مهند أولحاج. البويره، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبيه.